# بەش: كۆمەلناسی

# كۆلێژ: ئاداب

# زانكۆ: سەلاحەددین - هەولێر

# بابەت: كۆمەڵناسی ژینگەیی

# پەرتووكی كۆرسی 1 – (قۆناغ 2)

# ناوی مامۆستا: دلارام عثمان صالح

# ساڵی خوێندن 2021/ 2022

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس-یەکەم | کۆمەڵناسی ژینگەیی |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | د. دلارام عثمان صالح |
| 3. بەش/ کۆلێژ | کۆمەڵناسی / ئاداب |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: dlaram.salih@su.edu.krd |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | یەکە 2 = 6 سعات |
| 6. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا: 14 سعات |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | لە سالی ١٩٨٩-١٩٩٠ بروانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی کۆمەڵناسی لە کۆلێجی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br><br>لە سالی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ بروانامەی ماستەر لە بەشی کۆمەڵناسی لە کۆلێجی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br><br>لە سالی ٢٠١٨-٢٠١٩ بروانامەی دکتۆرا لە بەشی کۆمەڵن اسی لە کۆلێجی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br><br>تاکو ئێستا بەردەوامم وەک مامۆستا لە هەمان بەش و کۆلێج و زانکۆ . |
| 9. وشە سەرەکیەکان | |

10- پیناسە وپەیامەکانی بابەت

کۆمەڵناسی ژینگەیی: لقێکی کۆمەڵناسی گشتییە کە گرنگی دەدات بە شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەو چواردەوری، واتا کۆمەڵگەو ژینگەو کاریگەری هەریەکەیان لەسەرئەوی دیکەیان. بەو مانایەی کە دیراسەی کارلێکەکانی نێوان ژینگەی شروشتی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و دام و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەکات، بە ئامانجی دانانی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کێشانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگە بەرپرسیارن لێیانەوە.

پەیامە زانستیەکانی بابەت خۆی دەبینێتەوە لە: ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی زانستی کۆمەڵناسی ژینگەیی بە شێوەیەکی زانستی ، ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی بابەتەکان وئاراستەو تیۆرییەکان و بابەتی پەیوەست بەم لقە زانستیە بۆ قوتابیان ، لە هەمان کات دا شارەزاکردنی قوتابیان بە گرنگترین کار و ئامانجی ئەم بابەتە.

پوختەی ناوەرۆکی بابەت

١- ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی چەمک و واتاو بایەخی بابەتی کۆمەڵناسی ژینگەیی .
٢- تیشک خستنە سەرپەیوەندی زانستی کۆمەڵناسی ژینگە لەگەڵ زانستەکانی دیکە .
٣- ئاماژەکردن بە دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسی ژینگە و باسکردنی گرنگترین ئاڕاستەو تیۆرییەکانی پەیوەست بەم زانستە .

11. ئامانجەکانی کۆرس

١- ئاشناکردنی قوتابیان بە ناوەرۆکی زانستی کۆمەڵناسی ژینگەیی لە ڕیگەی شیکرنەوەی زانستەکە و دیاریکردنی پەیوەندی بە زانستەکانی تر.
٢- تیشک خستنە سەر چۆنیەتی سەرەتا و پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵناسی ژینگەیی و باکگڕاوندەکەی.
٣- دیاریکردنی کاریگەربوونی بارودۆخی تەندروستی گشتی بە فاکتەرە کۆمەڵاەتییەکان و هەڵوێستی ژینگەیی تاکەکان.

٤- دیاریکردن و باسکردنی گرنگترین بابەتەکانی پەیوەست بە کۆمەڵناسی ژینگەیی.

ئامانجەکانی بابەتی کۆمەڵناسی ژینگەیی:

١- شرۆڤەکردنی کارلێکی نێوان ژینگەو کۆمەڵگە.

٢- دەست نیشانکردنی ئەو فاکتەرانەی کە هۆکارن بۆ دروست بوون و سەرهەڵدانی کێشەی ژینگەیی.

٣- پەیوەندی نێوان ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگەو هەڵوێستی ژینگەییان و تەندروستی گشتی.

٤- چالاک کردنی هەماهەنگی نێوان تاکەکان و گروپەکانی کۆمەڵگە لەپێناو پاراستنی ژینگەو کەم کردنەوەی قەیرانەکانی ژینگە کە مرۆڤ بەرپرسە لێیان.

٥- ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگە لە مەترسی و هەڕەشەی کێشەکانی ژینگە لەسەر مرۆڤایەتی، بەمانای هوشیارکردنی مرۆڤ بەو پەیوەندییە بەهێزەی کەلە نێوان پاراستنی ژینگەو تەندروستی مرۆڤدا هەیە.

٦- دانانی پلان و میکانیزمی گونجاو بۆچارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان.

بەشێوەیەکی گشتی ڕۆلی سەرەکی کۆمەڵناسانی ژینگە بریتییە لەشیکردنەوەو دەست نیشانکردنی یەو هێزانەی کە کاریگەرن لەسەر گۆڕانی سیستمی ژینگەیی، لەڕێگای گرنگیدان بە سروشت و بنیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کولتووری و بەهاکان لەچوارچێوەی سیستمی ژینگەیی. بە واتایەکی دی ( شیکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشەکانی ژینگە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی).

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

ئامادەبوونی ڕێک و پێکی ڕۆژانەی قوتابیان لە وانەکان و بەشداری کردنیان لە گفتوگۆ و وانەکان و ئەنجامدانی کویز و تاقیکردنەوە، هەروەها چەند چالاکییەک وەک ڕاپۆرت نووسین و سیمینار پێشکەش کردن.

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

مامۆستا بابەتەکان لە ڕێگەی دەرس گوتار و گفتوگۆ و ئاڕاستەکردن و وەلامدانەوەی پرسیار پێشکەش دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش پشت دەبەستێت بە سەرچاوەی زانستی جیاواز بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و سایتە ئەلکترۆنییەکان و سوود لە بەکارهێنانی تەختەی پۆل و لاپتۆپ دەبینێت. بۆ خستنە ڕووی بابەتەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

دوو تاقیكردنةوةي وةرزيي ئةنجامدةدرێن ،پرسيارةكان لةشێوةي جۆراجۆرن، هةر تاقيكردنةوةكيان(١٥) پازدە نمرةي بةردةكةوێت. هةروةها لةسةرةتاي سالي خوێندن تا كۆتايي سال چةند تاقيكردنةوةيةكي (كويز) لة كۆتايي وانةي يةكةم يان دووةم دا ئةنجام دةدرێن و لةگةڵ چالاكي پۆل – راپۆرت، سيمينار و بةشداريكردن لة وانة - (١٠) دة نمرةيان لةسةرة. تاقيكردنةوةي كۆتايي ساليش (٦٠) شةست نمرةي لةسةرة.

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

قوتابی لەم بابەتە زانیاری بەدەست دەهێنێت لەبارەی مانا و گرنگی و سروشتی کۆمەڵناسی ژینگەیی بە گشتی و ، ئەم زانیارییانەش فاکتەرێکی یارمەتیدەرن بۆ گۆڕانی بیرکردنەوە و تێروانینیان لەسەر زۆرێک لە بابەتەکانی مرۆیی و کولتوری وکۆمەڵایەتی، کە کاریگەری دەبێت لەسەر پتەوکردنی هوشیاری و گرنگیدانیان بە پرسی ژینگەو پاک و خاوێنی و نەخۆشی و چالاک کردنی هەماهەنگی نێوان تاکەکان و دام و دەزگای تەندروستی لە میانەی توێژینەوەو دیراسەکردنی بنیادی کۆمەڵایەتی و وەزیفەکان و پەیوەندییەکانی، لە پێناو بەرجەستە کردنی ژینگەیەکی خاوێن و دوور لە نەخۆشی.

**16. لیستی سەرچاوەکان .**

1- البيئة والمشكلة السكانية ، 2004، حسن احمد شحاته، الدار العربية للنشر، القاهرة.

2- علم الاجتماع البيئي،2016، هارى بتر، ترجمة،صابر احمد عبدالباقي دكروري.

3- علم الاجتماع البيئي،2017، غني ناصر القريشي، احلام محمد شواي.

4- سوسيولوجيا البيئة في ظل المدارس النظرية والاتجاهات المفسرة ، 2015، ساعد هماش.

5- الانسان وتلوث البيئة،2000، محمد صابر،الادارة العامة للنشر،السعوديه.

6- علم الاجتماع،2005، فايز الضياع، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

**7- Environmental (sociology) 2006, 2edition, john Hannigan , Rontledge, newyork.**

**8- Sociology, 2010, james.M. Henslin, Allyn&Bacon, U.S.A.**

9- پیسبوونی ژینگەو جۆرەکانی،محمد سەید عجوە،وەرگێرانی- ئەحمەد علی ئەحمەد،سلێمانی.

10- بەڕێوەبردنی ژینگە، ٢٠١٤،زکریا تاحون، وەرگێرانی- ئەحمەد علی ئەحمەد،دەزگای ڕۆشنبیری.

11- پیسبوونی ژینگە، ٢٠١٣،عبدولمنعم بەلبع، وەرگێرانی ،سەڵاح سەعدی،چاپەمەنی نارین،هەولێر.

| 17. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانە |
|---|---|
| | د. دلارام عثمان صالح<br>٢جار ٦ کاتژمێر لە هەفتە |

| أ. هەفتە و ڕێکەوت | ناونیشان |
|---|---|
| (١) | <u>بەشی یەکەم</u><br>● کۆمەڵناسی ژینگەیی – چەمک- گرنگی و ئامانجەکانی. |
| (٢) | ● ژینگە – جۆرەکانی – چەمکەکانی پەیوەست بەژینگە. |
| (٣) | <u>بەشی دووەم</u><br>قوتابخانەکانی شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان ژینگە وکۆمەڵگە. |

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| (٤) | • قوتابخانەی حەتمیەتی ژینگەیی (جەبر گەرایی). | |
| (٥) | قوتابخانەی ئیختیباری- ئیمکانی. | |
| (٦) | قوتابخانەی ئیحتیمالی- ئەگەری. | |
| (٧) | **<u>بەشی سێیەم</u>**<br>ئاڕاستەکانی سۆسیۆلۆجی بۆ شیکردنەوەی پرسی ژینگە. | |
| (٨) | ئاڕاستەی وەزیفی – پارێزگاری | |
| (٩) | ئاڕاستەی لیبرالی | |
| (١٠) | ئاڕاستەی ڕادیکالی(ململانێ) | |
| (١١) | ئاڕاستەی نموونەی ژینگەی نوێ | |
| (١٢) | **<u>بەشی چوارەم</u>**<br>فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر ڕەفتار و ژینگە:<br>• پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان | |
| (١٤) | • بەها و بیروباوەڕەکان<br>• ژینگەی کۆمەڵایەتی | |
| (١٧) | **<u>بەشی پێنجەم</u>**<br>پەیوەندی گۆڕاوە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان بەرەفتارە مرۆییە پەیوەستەکان بەژینگە. | |
| (١٨) | شیاندنی کۆمەڵایەتی<br>خزمەتگوزاری<br>داب و نەریت<br>بەهاکان | |
| (١٩) | **<u>بەشی شەشەم</u>** | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | کێشەکانی ژینگەی مرۆیی<br>● کێشەی پیس بوونی ژینگە<br>● کێشەی ڕێژەی دانیشتوان | |
| | | <u>بەشی حەوتەم</u><br>کاریگەری مرۆڤ لەسەر ژینگەی سروشتی.<br>● ئاسەواری کۆمەڵایەتی پیس بوونی ژینگە لەژیانی هاوچەرخ.<br>● ڕۆلی دام و دەزگا کۆمەڵایەتیەکان لەپاراستنی کۆمەڵگەی مرۆیی لە پیس بوونی ژینگە. | (٢٠) |

**١٨. بابەتی پراکتیک : نییە**

**١٩. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:**

**پ- ئاماژە بکە بە ئامانجەکانی کۆمەڵناسی ژینگە؟**

**وەلام:**

**١- شرۆڤەکردنی کارلیکی نێوان ژینگەو کۆمەڵگە.**

**٢- دەست نیشانکردنی ئەو فاکتەرانەی کە هۆکارن بۆ دروست بوون و سەرهەڵدانی کێشەی ژینگەیی.**

**٣- پەیوەندی نێوان ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگەو هەڵوێستی ژینگەییان و تەندروستی گشتی.**

**٤- چالاک کردنی هەماهەنگی نێوان تاکەکان و گروپەکانی کۆمەڵگە لەپێناو پاراستنی ژینگەو کەم کردنەوەی قەیرانەکانی ژینگە کە مرۆڤ بەرپرسە لێیان.**

**2.. بژاردەی زۆر:**

**پ: ئاراستەی لیبرالی یەکێکە لە ئاراستەکانی سۆسیۆلۆجی بۆ شیکردنەوەی پرسی ژینگە، کە جەخت دەکاتەوە سەر هێز و دەسەڵات و دەست بەسەرداگرتن ،کە گوزارشت دەکات لە بیروباوەڕەکانی بیرمەندی کۆمەڵایەتی؟**

**(کارل مارکس – ئەمیل دۆرکهایم – ماکس ڤیبەر)**

**20. تێبینی تر**

## 21. پێداچوونەوەی هاوەڵ